ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

شیکردنەوەی Microsoft Antispyware Beta.

نووسەر: @:

Microsoft Antispyware پرۆگرامێکی چاك و نوێی بواری پاراستنی کۆمپیوتەرە لە پەرگە زیاندارەکانی Spyware.
پێشتر پرۆگرامەکانی Adware و SpySweeper م شیکردۆتەوە، کە جیاوازیەکی زۆر لە نیوانیاندا نیە وەك شێوازی کارکردن، بەڵام وەك بۆ هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر روونە کە کۆمپانیای Microsoft گەورەترین و خاوەن باشترین بەرهەمەکانی کۆمپیوتەرە.
Microsoft Antispyware پێشتر لەژێر ناوی Giant Antispyware بەکار دەهێنرا، بەڵام پاش ئەوەی کە Microsoft کۆمپانیای پرۆگرامەکەی کری، ناوەکەی گۆری بۆ Microsoft Antispyware و نوێترین وەشانی تا ئێستا وەك وەشانێك بۆ تاقیکردنەوە (Beta) بڵاوبۆتەوە.
بۆ داگرتنی ئێرە کرتە بکە.
پاش داگرتن و دامەزراندن بیکەوە، کاتێك بۆ یەکەمجار بکرێتەوە پێویست بە رێکخستن دەکات و یەکەم پەنجەرەی رێکخستن دەکرێتەوە.




Next کرتە بکە بۆ پێشەوە چوون.




<2 ئایا دەتەوێ نوێکردنەوەی خۆکاری پرۆگرامەکە چالاك بکەیت؟
باشتر وایە بەڵی بێت و چالاك بێت.
پاشان Next کرتە بکە.




<4 ئایا دەتەوێ پاراستنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارکردنی کۆمپیوتەردا چالاك بێت؟

باشتر وایە کە چالاك بێت، بۆئەوەی هەموو هێرش و مەترسیە ڕاستەوخۆکانی سەر ئینتەرنێت پوچەڵ بکاتەوە.
بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




6> ئایا دەتەوێ ببیت بە لایەنگرێکی ڕێکخراوی SpyNet کە ڕێکخراوێکە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر لە Spyware شانبەشانی مایکرۆسۆفت تێدەکۆشێت.
گەر Yes بێت چاکترە.
Finish کرتە بکە بۆ تەواوبوون لە ڕێکخستنی پرۆگرامەکە.
پاشان وەك فەرمانێکی ئاسایی و کاری هەمیشەیی پرۆگرامەکە، پێویست دەکات کە کۆمپیوتەرەکەت چێك بکەیت بۆ ئەوەی کە ئایا پەرگەی زیان بەخشی تێدایە یان نە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە.




Run Scan Now بۆ دەستپێكردنی چێك كردن.

9> گەر بتەوێ كاتێكی تر ئەو كارە جێبەجێ بكەیت.

10> چالاك كردن/نەكردن ی چێك كردن لە كاتی دیاریكراو دا بە شێوەیەكی خۆكار.

كرتە بكە سەر Run Scan Now بۆ دەستپێكردنی چێك كردن.




11> چێك كردنی خێرا.

<12 چێك كردنی تەواو و گشتیی.
<13 بۆ دەست پێكردن.
<14 پاشەكەوتكردنی ئەو هەڵبژاردن و رێكخستنانە بۆ جاری داهاتوو.




شێوەی پرۆگرامەكە لە كاتی چێك كردن دا، وەك لە وێنەی سەرەوە روونە.
<15 وازلێهێنان.
<16 ئەو پەرگە زیانبەخشانەی كە تا ئێستا دۆزراونەتەوە.
پاش تەواوبوون، پەنجەرەیەكی وەك ئەمەی خوارەوە دەكرێتەوە.




وەك ڕوونكراوەتەوە، 5 پەرگەی زیانبەخش دۆزراوەتەوە، View Results كرتە بكە بۆ بینینی ئەنجامی چێك كردن.




17> ناوی پەرگەی دۆزراوە، هەندێك پرۆگرام هەیە كە پرۆگرامەكانی AntiSpyware وەك پەرگەی زیانبەخش دەیانژمێرن، بۆ نموونە FlashGet كە پرۆگرامێكی تایبەت بە ڕێكخستن و خێراكردنی داگرتنە. پاشان لەتەنیشت هەر پرۆگرامێكەوە چەند شێوازە فەرمانێك هەیە بۆ هەڵبژاردنی و جێبەجێكردنی لەسەر پرۆگرامەكە، بۆ نموونە Remove بۆ سڕینەوە، Ignore بۆ بەسەردا تێپەڕین و جێبەجێ

نەکردنی هیچ فەرمانێك.
18> ئاستی مەترسی پرۆگرام یان پەڕگەی دۆزراوە لەسەر کارکردنی کۆمپیوتەر.
21> دروستکردنی خاڵی گەڕاندنەوە، واتە کاتێك کە پەشیمان بوویتەوە لە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە بتوانی هەموو شتێك وەك خۆی بگەڕێنیتەوە.
20> کرتە بکە لە Continue بۆ بەردەوامبوون.
پەیامێك دێت کە نووسراوە هەموو ئەو پەڕگە دۆزراوانە فەرمانەکانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، OK کرتە بکە.
پەیامێکی دیکە دەکرێتەوە کە دەڵی پرۆگرامی Internet Explorer کراوەتەوە و پێویستە دابخرێت، (گەر کراوە بێت)، لەسەر داخستنی ڕازی بەو Yes کرتە بکە.
بەو شێوەیە پەڕگەکەکان دەسڕێنەوە.
پێویست دەکات هەموو حەوتەیەك یان مانگێك دووجار چێکی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت.
کۆتایی.

---

Oct 2005 31

**Dentist in Poland**
**Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers**

**Chin Up Snoring Remedy**
**Provides support for the chin Promotes nasal breathing**

Ads by Google